# هەڵپەڕکێ ئاوێنەی هەستی مرۆڤە

**شاهین ئەحمەدی شاد**

**هونەر، گۆرانی و مۆسیقا خاوەنی هەست و چێژ و جوانییەکی تایبەتن و دەنگی خۆش و شیعری جوان پڕماناو هەستی بەرز ئەگەر لەگەڵ لەنجەولارو جوڵەی لەشدا تێکەڵ بێ، لەسەر هەست و ڕۆحی مرۆڤ کاریگەرییەکی قوڵ و پایەدار دادەنێ و هیچ کاتێ لەبیر ناچێتەوە، گۆرانی پڕ لە سۆزو دەنگی دەهۆڵ ئەگەر بەشێوەیەکی جوان برازێنرێتەوە و لەگەڵ لەنجەولاری کیژی لادێدا تێکەڵ بێ، ڕەنگە ساڵەهای ساڵ لەدڵ و گیانی هەرخاوەن زەوقیکا نەقش ببسەتێ و بمێنێتەوە. هەرگەل و نەتەوەیەک کە خاوەن فەرهەنگێکی دەوڵەمەند و ڕەسەنایەتی هونەریێ، شانازی و پێگەیەکی بەرزی دەبێ لە ڕاستیدا لە فاکتەرەکانی ناسینی چەندایەتی و پێگەی ڕەسەنایەتی ئەو گەلەیە و ئاوێنەیەکە کە کلتوورەو مەقامی بەرزی ئەوگەلە تیایدا ڕەنگ دەداتەوە.**



هەڵپەڕکێ هیچ کاتێ بەمانای سەما نییە، چونکە جوڵەی لەش و ڕواڵەتی ئەو کەسە دەگەیەنێ کە هەڵدەپەڕێ، بەڵام چونکە وشەی هەڵپەڕکێ هاوواتایەکی فارسی نییە، بەناچاری بۆ باش تێگەیشتنی فارس زمانان سەما کردی بەکار دێن، کە ئەم وشەیە بەتەواوەتی هەڵەیە، هەڵپەڕکێ یانی هەڵبەزو دابەزو هێرشکردن، وشەگەلی(هەڵپەڕکێ و هەڵپەڕین وهەڵپەڕە) کە لە فارسیدا رقس رقصیدن برقصن مانا دەدا، جهش جهیدن و بەجە دەگەیەنێ. هەڵپەڕکێ دەبێ ڕیشەی لە ئایینی کۆنی سەردەمی میترادا هەبێ، چونکە بەپێی سەرچاوەی دەست هاتووی ئەو سەردەمە هەرکاتێ شەڕێک ڕووی دەدا لە کۆتاییدا شەڕکەران لە شوێنێک ڕوو لە خۆر یا لە دەوروبەر نمادێک لە خۆر چۆنیەتی ئەو شەڕەیان بەبێ قسەو وتە بەجوڵەی شانۆیی بۆخۆر دەگێڕایەوە. ئێستا ئەم باسەتان لەلابێ تا لەگەڵ هەڵپەڕکێدا بەراوردی بکەین.

دەهۆڵ خڕەو دەتوانێت نمادێک لە خۆربێت، 2-سەرچۆپی کێش کە نەفەری یەکەم دەسپێکی هەڵپەڕکێیە لە ڕاستی دا مەیدانداری و ڕێبەری لەسەر شانەو هەروەکو سەردارێک لەمەیدانی شەڕو بەربەرەکانیدا بڕیار دەدا. 3-لەمەیدانی هەڵپەرکێدا زنجیرە مەراتیب لە قەدیمەوە هەبووە و سەردار ڕێبەریان مەیداندار دەبێ لە خەڵکانی تر جودا بێ ڕەنگە لەبەر ئەمە بێ کەسەر چۆپی کێش لە ئەوانی تر جودایە، و بەدەستماڵێکی درێژ کە لەنێوان ئەوو هەڵپەڕکێکەرانی تر دایە ئەم جودابییە نیشان دەدرێ. لەجوڵە و ڕاوەشاندنی چۆپیدا سەرچۆپیکێش دەستماڵەکەی بەتەواوەتی وەکو شمشێرەکە ڕەنگە بە ئیحتمالی زۆر لەچاخی کۆندا لەجێی دەستماڵ شمشێریان بەکارهێنا بێ و مەودای نێوان سەرچۆپی ئەوانی تر بەسەپەرێک لێک جودا دەکراوەتەوە، هەڵپەڕکێ بەکوردی بەچەند بەشی سەرەکی دابەش دەکرێ: 1-گەڕیان: گەڕیان لەزمانی کوردیدا بەمانای گەشت و گوزار، گەڕان و ڕۆیشتنە و جوڵەکانی ئەم شێوەیەش مانای گەشت و گەڕان لە هزرو زەیندا دووبارە دەکاتەوە. مانای هاوشێوە گەڕیان یانی ڕۆیشتن بۆ مەیدانی شەڕ، یانی کەوتنە ڕێ و ڕۆیشتین، لەم شێوە هەڵپەڕکێیەدا ژیان بەهەموو سەختی و ئازارەکانییەوە ڕەنگی داوەتەوەو ئەزموونەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕەنج و سەختییەکان نیشاندەدا. 2-پشت پایەکانی گەڕیان تۆزی توندترو خێراتر دەبێتەوە، پشت دەست پێ دەکا کە ناوچە کوردنشینەکاندا زیاتر پیاوان بەمشێوەیە هەڵدەپەڕن، مانای سەرەکی و هاوشێوەی مرۆڤ ڕادەکێشێ بۆ بەدەستهێنانی ئەزموونی بەکەڵک نەوەکو لە ژیاندا مرۆڤ کەسێک خەنجەری لێبدا.3-هەڵگرتن یان گەڕیانی توند: ئەم شێوەیە زۆر چالاکانە و پڕ جموجۆڵە بەڕێوە دەبرێ، لەم شێوەیەدا مرۆڤی هەڵسوور کە بەرەو ئامانج هەنگاو هەڵدێنێ نیشان دەدرێ، مانای سەرەکی و هاوشێوەی هەرچەشنە سڕی و بێ وازی و خەمێک دەسڕێتەوەو لەسەر بایەخی ئامانجداری لە ژیاندا پێدادەگرێ. 4-فەتاح پاشایی-بەشێوەی زۆر کرژ و تووند لەناوچەی سنەو لەیلاخ دابەڕێوە دەبرێ، ئاهەنگی ئەم شێوەیە لەهەموو ناوچەکاندا بەیەک شێوە لێدەدرێ، مانای هاوشێوەو سەرەکییەکەی دەربڕینی شادی و خۆشحاڵی بەبۆنەی بەدەست هێنانی سەرکەوتن و پیرۆزی و گەیشتن بە ئامانج. 5-چەپی: هەروا کە ڕوون و ئاشکرایە بەمانای چەپە لەم شێوە هەڵپەڕکێیەدا لای چەپی لەش کە لە کاروتێکۆشانی ڕۆژانەدا کەمتر کارایی هەیە، دەکەوێتە جوڵەو هەڵسوڕان، مانای سەرەکی نمادینی ئەم شێوە هەڵپەڕکێیە، تواناو وزە دانە بە لاچەپی لەش کە لە کاروباری ڕۆژانەدا کەمتر دەجوڵێ و کارایی کەمترە. 6-شەلان: لەم شێوەیەدا شکستێک نیشان دەدرێ و سەرچۆپی کێش لەگەڵ دەنگی خەماوی سوڕناکەدا حاڵەتێکی دەردەدا و خەماوی بەخۆوە دەگرێ و بەشەلەشەل بەڕێ دەکەوێ، مانای سەرەکی شەلان: هۆشدارو بەئاگاهێنانەوەیە لە شکستەکان لەهەموو قۆناغەکانی ژیان داو هەروەها پێویستی بوونی توانایی و خۆراگریین لە بەرامبەر کێشەو ئازارەکانی ژیاندا. 7-سێ جار: بەمانای سێ پێیەو لەم شێوەیەدا پێیەکان سێجار لە زەوی بەرزدەبنەوەو دووبارە بەشێوەیەکی هونەرییانە لە عەرز دەدرێن، ئەم شێوەیە زیاتر خەڵکی سنەو دەوروبەری پێ هەڵدەپەڕن، مانای سەرەکی و هاوشێوەکەی داکۆکی و جەختکردنە بەسێ ئەسڵی، کرداری چاکە، وتەی چاکە و هەڵسوکەوتی چاکەیە، لێرەدا جێگای هەیە کە لەلاوان و هۆگرانی هەڵپەڕکێ ئەم هونەرە ڕەسەن و جوان و سەرنج ڕاکێشە داوا بکەین وەک هەمیشە لەمەیدانی خەبات دابوون بۆ پاراستنی فەرهەنگ و داب و نەریتی پڕ لە شانازی گەلەکەمان، هەوڵیان داوەلەمەو دواش بۆ زیندووکردنەوەی جۆرەکانی هەڵپەڕکێ هەوڵ بدەن و خۆماندوو بکەن و نەهێڵن ئەم ڕەسەنایەتی و ناسنامە فەرهەنگییە کەمڕەنگ ببێتەوەو وەک شوناس و ناسنامەیەکی مێژوویی و نەتەوەیی چاوی لێبکەن و بەشێوەیەکی زانستیانەو ئەمڕۆییانە کاری لەسەر بکەن و بە ئەسڵ و نەوەی داهاتووی بسپێرن.

**و/لە فارسییەوە شەریف فەلاح(هێژا)**

**سەرچاوە: مانگنامەی خوێندکاران-کوردی زانکۆی کوردستان(سنە)**